# رۆژی گەل

هەفتەنامەیەکی سیاسی، رۆشنبیری گشتییە، حزبی رزگاریی کوردستان دەری دەکات، ژمارە نۆبەرەی لە 1–7– 2000 بڵاوبۆتەوە...**ژمارە**(235)**سێ شەممە**05- 01- 2010

## راگەیاندراوی دویماهی کۆنگرە

**حزب و لایەنە سیاسیەکانی کوردستان..**

**دۆست و ئەندمانی حزبی رزگاری..**

بەخۆشحاڵیەوە پێتانڕادەگەیەنین سێهەمین کۆنگرەی حزبمان کە رۆژی 25ی مانگی دیسێمبەری 2009 لە هۆڵی بارەگای مەکتەبی سیاسی بەبەشداری 92 ئەندام دەستی بە کارەکانی خۆی کردبوو، رۆژی 1-1-2010 لە هۆڵی چراخانی شاری هەولێر بەبەشداری 97 ئەندام درێژەی پێدراو هەمان رۆژیش کۆتایی بەکارەکانی خۆی هێنا.

بۆ لاپەڕە 3

# سێهەمین کۆنگرەی حزبی رزگاری کۆتایی بە کارەکانی دێنێ






کاتژمێر10ی سەرلەبەیانی رۆژی25-12-2009 بە بەشداری 92 نوێنەری رێکخستن، سێهەمین کۆنگرەی حزبی رزگاریی کوردستان لە شاری هەولێری پێتەخت دەستی بەکارەکانی خۆی کرد.

سێهەمین کۆنگرەی حزبی رزگاریی کوردستان لەژێر دروشمی {بەئامانجی مسۆگەرکردنی مافەکان و یەکهەڵوێستی کوردستانیان} پێکهاتبوو.

سەرەتا خولەکێک وەستانی بێدەنگ راگەیەندرا، دواتر بەسروودی (**خۆشم دەوێ وڵاتەکەم**) کۆنگرە کرایەوە، پاشان کاک چالاک محەمەد بەناوی کۆمیتەی ئامادەکاری سێهەمین کۆنگرەوە وتەیەکی پێشکەش کردو دیاریکرد کە ئەوان دەیانویست بە شێوەیەکی دیکەو لە هۆڵێکی گەورەترو بە بەشداری ژمارەیەکی زۆرتر کۆنگرە پێکبهێنن، بەڵام رەوشی دارایی حزب ئەو دەرفەتەی پێنەداون.

دواتر راپۆرتی سیاسی کۆمیتەی ناوەندی لەلایەن رێکار ئەحمەد، سکرتێری گشتی خوێندرایەوە، راپۆرتەکە بۆ سێ بەشی "رەوشی رۆژهەڵاتی ناڤین، رەوشی باشووری کوردستان و رەوشی نێوەخۆی حزبی رزگاریی کوردستان" تەرخان کردبوو.

لە راپۆرتەکەدا ئاماژە بە کێشەو گرفتەکانی رۆژهەڵاتی ناڤین کرابوو، بڕگەی تایبەت بۆ کێشەی نێوان فەلەستین و ئیسرائیل، کێشەی پارچەکانی کوردستان لەگەڵ ئەو وڵاتانەی کە پێیانەوە لکێنراون، کێشەی ناوەخۆی وڵاتی یەمەن، کێشەی نێوان ئازەربایجان و ئەرمەنستان، کێشەی نێوەخۆی گورجستان لەگەڵ هەرێمی ئەپخازیاو ئۆسیتای باشوور، تەرخان کرابوو.

لە برگەیەکی دیکەدا بە درێژی باس لە کێشەی هەنووکەیی دەوڵەتی تورکیا و کورد کرابوو، ئاماژە بە ناکۆکیەکانی نێوان کۆمەڵی نێودەوڵەتی و کۆماری ئیسلامی ئێرانی درابوو، هەروەها راپۆرتەکە بە درێژی لەسەر کێشەو ناکۆکیەکانی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی بەغداد راوەستابوو.

راپۆرتەکە رەوشی نێوەخۆی حزبی رزگاریی لە دوای دووەمین کۆنگرەوە کە لە ساڵی 2004 بەسترابوو تا ئێستا شیٔ کردبۆوە، باسی لەو گرفت و هاوێربوونە کردبوو کە لە حوزەیرانی 2008 روویدابوو، لە ئایاری 2009 هەوڵی ئاشتبوونەوە درابوو.

راپۆرتەکە داخباری خۆی دەربڕی بوو کە پێنج ئەندامی سەرکردایەتی بەشداریان لەر کۆنگرەدا نەکردوە، ئەو بڕگەیە بەووردی رون کرابۆوە.

دواتر راپۆرتەکانی مەکتەبی دارایی و راگەیاندن و رێکخستن خوێندرانەوە. پاشان پەیامی پیرۆزبایی ئەو کەس و لایەنانە خوێندرانەوە کە بۆ سێهەمین کۆنگرە رەوانە کرابوون

پاشان لە کۆڕی دووەمی کۆنگرە کە کاتژمێر 14ی هەمان رۆژ دەستی پێکرد، گفتوگۆ دەربارەی راپۆرتەکان کران و خرانە دەنگدانەوە، پاشان هەڤاڵ عومەر حەسەن پێشنیارێکی خستەبەردەم کۆنگرە تا داوا لەو پێنج هەڤاڵەی سەرکردایەتی پێشو بکرێ کە بێن بەشداری تێدابکەن. پێشنیارەکە خرایە دەنگدان، بڕیار وەرگیرا نامەیەکیان بۆ رەوانەبکرێ و دوو رۆژ مۆڵەتیان پێبدرێ تا وەڵام دەدەنەوە.

جێی ئاماژەیە دوای ئەوەی کە پێنج ئەندامەکە وەڵامیان نەدایەوەو بەیانێکیان دەرکردو ریانگەیاند بەشداری لە کۆنگرەدا ناکەن، کاتژمێر 10ی رۆژی 1-1-2010 سهەمین کۆنگرە دەستی بەکارەکانی خۆی کردەوە.

بۆ لاپەڕە 2

## هۆشیار عەبدولڕەحمان و فەهمی محەممەد لە حزبی رزگاری دەردەکرێن

دوای ئەوەی ئەندامانی سێهەمین کۆنگرەی حزب نامەیەکیان بۆ پێنج ئەندامی سەرکردایەتی پێشوو نارد و داوایان لێکردن کە بێن و بەشداری لە کۆنگرەدا بکەن، بە نەرێنی وەڵام درانەوە. لە کۆڕی یەکەمی دووەمین رۆژی کۆنگرە کە 1-1-2010 بەڕێوەچوو، کۆمیتەی ئامادەکار بە ئەندامانی کۆنگرەی راگەیاند کە ئەوان نەک هەر نەهاتوون، بەڵکو( هۆشیار عەبدولڕەحمان و فەهمی محەمەد) بە ناوی زۆرینەی مەکتەبی سیاسی بەیاننامەیەکیان بڵاوکردۆتەوەو دژایەتی کۆنگرەیان کردوە، دواتر لەگەڵ زەید مەحمود عەلی کە تەنیا 8 مانگ لە ریزەکانی حزبی رزگاریی کوردستان کاری کردووەو ساڵی 1994 شەڕی نێوەزۆی بەدەرفەت زانیوەو ریزەکانی رزگاری جێهێشتووە، بەیاننامەیەکیان بەناوی یەکگرتنەوەی دوو باڵی حزبی رزگاری دەرکردوە، داوایان لە ئەندامانی کۆنگرە کرد کە بڕیاری خۆیان سەبارەت بەو لاسارییانە بدەن، دوای مشتومڕێکی زۆر ئەندامانی کۆنگرە بە زۆرینەی رەها بڕیاریاندا کە (هۆشیار عەبدولڕەحمان و فەهمی محەمەد) بەهۆی لاساری بەردەوامیان، بەهۆی هەشت مانگ شاردنەوەی بودجەی حزب و بەهۆی دەستبەسەرداگرتنی بودجەی یازدە مانگی حزب لە کاتی دابڕان لەمانگی 6ی 2008 تا مانگی 5ی 2009، هەروەها پێشکەش نەکردنی هیچ راپۆرتێک سەبارەت بەو پارانە لە ریزەکانی حزبی رزگاریی کوردستان دەربکرێن و هیچ ئۆرگانێکی جگە لە کۆنگرە لە داهاتووشدا دەستەڵاتی ئەوەی نەبێ کە وەریانبگرێتەوە.

## سوپاسنامەی کۆنگرە لەوەڵامی پەیامەکاندا

بەناوی سێهەمین کۆنگرەی حزبی رزگاریی کوردستانەوە زۆر سوپاسی هەموو ئەو کەسایەتی و لایەنە تێکۆشەرانە دەکەین کە پەیامی پیرۆزباییان بۆ ناردووین، راو سەرنج و تێبینی خۆیان دەربڕیوە و رەوشی هەنووکەییان بۆ شیٔ کردوینەتەوە، کۆنگرە سوودی زۆری لە رامان و سەرنجەکانی ئێوەی بەڕێز وەرگرتوە، هەروەها پەیامەکانتان دڵگەرمی کردووین تا لەسەر تێکۆشان بەردەوام بین، ئەوەش جێی سوپاس و پێزانینمانە، لەو پێوەندەدا جەخت لەسەر پتەوو بەهێزکردنی پێوەندیەکانمان لەگەڵ سەرجەم لایەنە سیاسیەکانی کوردستان بەبێ لەبەرچاوگرتنی جیاوازی بیرو رامان، دەکەینەوە.

**سێهەمین کۆنگرەی رزگاری**

2010-1-1

## دەقی پەیامی لایەنە سیاسیەکان کە بەدەست کۆنگرە گەیشتوون

بۆ لاپەڕە 4



